**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٣٧٨٣ - ٢٥ لە ٢٠٢٥/٦/٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (١٨) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ وماددەی (١٢) لەیاسای هەموارکراوی یاسای ناوبراو ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی تایبەت بە مۆڵەتی**

**خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی ماددەی (٤)ی برگەی دووەم لە ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤بەم شێوەیە:

**دووەم:** ئەو کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە کەرتی گشتی یان تایبەت کاردەکەن مۆلەتی خۆتەرخانکەر نایانگرێتەوە.

**ماددەی (٢):**

ڕاستکردنەوەی ماددەی (١) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە مۆلەتی خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان-عێراق بەم شێوەیە:

(بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ لادەبرێت)

**ماددەی (٣):** ئەم ڕێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٣٧٨١ - ٢٥ لە ٢٠٢٥/٦/٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (هەژدەیەم) لە ماددەی (٢) و بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بڕگەی (ب) لە ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی (١٩٨٠) ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ تایبەت بە ماڵی ژنانی بێ لانە**

**ماددەی (١):**

لابردنی (بڕگەی٢ - لە یەکەم: مەرجەکانی وەرگرتن لە ماددەی(٥).

**ماددەی (٢):** ئەم ڕێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن لە ڕۆژی بڵاوکردەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**